شەفاعەتی بۆ بکەن پاداشت دەدرێنەوە، وخوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی بڕیار دەدات لەسەر هەرشتێک خۆی خۆشی بوێت

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هەرکاتێک کەسێک بۆ داواکردنی پێداویستیەک بهاتایە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش ڕووی لە ئەوانە دەکرد کە لەگەڵیدا دانیشتبوون (لە هاوەڵان) و -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «شەفاعەتی بۆ بکەن پاداشت دەدرێنەوە، وخوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی بڕیار دەدات لەسەر هەرشتێک خۆی خۆشی بوێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «هەرشتێک خۆی بیەوێت -ویستی لەسەر بێت-».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرمووەیە بنچینەیەکی گەورە وسوودێکی مەزنی تێدایە، ئەویش ئەوەیە پێویستە مرۆڤ هەوڵبدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خێر وبەسوود، جا ئەگەر مەبەستەکەی بەدیهات یان هەندێکی بەدیهات یان هیچ شتێکی لێ بەدی نەهات، وئەمیش وەکو ناوەندیاری کردن (شەفاعەت کردنە) لە لای پادشا وکەسایەتیە گەورەکان، یان ئەوانەی دەتوانن پێویستیەکانیان جێبەجێ بکەن، زۆر لە خەڵکی ناوەندیاری ناکات ئەگەر دڵنیا نەبێت سەبارەت بە قبوڵکردنی ناوەندیاریەکەی، وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی خێر وپاداشتی زۆر لە دەستی خۆی بدات لە لایەن خوای گەورەوە، وئەنجامدانی چاکەکاریەک بەرامبەر براکەیشی لە دەستی خۆی دەدات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵانی کردووە کە یارمەتی خاوەن پێویستیەکان بدەن ئەویش بە ناوەندیاری کردن بۆ ئەوەی پاداشتیان بۆ بنووسرێت لە لای خوای گەورە، -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ناوەندیاری بکەن -شەفاعەت بکەن- ؛ پاداشت دەدرێنەوە) ناوەندیاری کردنی باش خوای گەورە پێی خۆشە ولێی ڕازییە، خوای گەورە دەفەرموێت: {مَن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا} [النساء: 85] واتە: {هەرکەسێک تکایەکی چاکە بکات بەشێکی لە (پاداشتی) ئەو چاکەیەی بۆ هەیە}، لەگەڵ پاداشتی نزیکدا؛ پەلەکردنە بۆ چاکەکاری بەرامبەر براکەی، کە لە بەرامبەر ئەویش قەرزداری دەبێت، وهەروەها ئەم ناوەندیاری کردنە لەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی مەبەستەکەی یان هەندێکی جێبەجێ ببێت لای ئەو کەسەی داوای لێدەکات، بۆیە هەوڵدان بۆ کارە خێرەکان کە لەوەیە جێبەجێ ببن یان جێبەجێیش نەبن ئەمە خێرێکی نزیکە، وڕاهێنانی نەفسەکانە لەسەر خێرکردن، وخۆ ئامادەکردنە بۆ ئەم تکاکردنانەی کە جێبەجێ دەبن یان گومان هەیە لەوەی کە جێبەجێ نابن، و -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (وخوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی بڕیار دەدات لەسەر هەرشتێک خۆی خۆشی بوێت): واتا خودا نووسیویەتی لە قەدەردا ئەو شتەی خۆی ویستی لەسەر بووە جێبەجێ ببێت یان جێبەجێ نەبێت؛ بۆیە پێویستە ناوەندیاری کردن هەبێت، وپاداشت هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە، جا ئەگەر تکاکردنە مەبەستەکەی بەدیهێنا یان ڕێگر هەبوو لەوەی مەبەستەکە بەدی بهێنێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3563